حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی پەروەردە

قوتابخانەی ئامادەیی هەڵگوردی تێکەڵاو

# ناونیشانی ڕاپۆرت

ڕادیۆ




ئامادەکردنی

ڕۆمان محمد

بەسەرپەرشتی

م . ئارام مستەفا

# ناوەڕۆک

پێشەکی ............................................................................ ( ٣ )

پێناسەی ڕادیۆ ..................................................................... ( ٤ )

مێژووی پەیدابوونی رادیۆ ........................................................... ( ٥ )

مێژووی رادیۆ کوردییەکان ........................................................... ( ٦ )

گرنگی و بایەخی رادیۆ ............................................................... ( ٧ )

رۆژی جیهانیی رادیۆ ................................................................. ( ٨ )

ئەنجام .............................................................................. ( ٩ )

سەرچاوەکان ......................................................................... ( ١٠ )

# پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتەی ئامادەم کردووە، دەربارەی (رادیۆ)یە .

تیایدا ناساندنێکم بۆ ڕادیۆ کردووە، ئینجا باسی مێژووی پەیدابوونی ڕادیۆ لە جیهان و لە کوردستان و، گرنگی و بایەخی ڕادیۆم کردووە لە هەموو بوارەکاندا .

بۆ ئەمەش ڕاپۆرتەکەم دابەشکردووە بەسەر چەند باس و بەشێک بۆ ئەوەی زانستیانە بابەتی ڕاپۆرتەکە باس بکەم.

شایانی باسکردنە هەڵبژاردنی بابەتی ڕادیۆ لەم ڕاپۆرتەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وێڕای ئەو هەموو داهێنانە زانستی و تەکنۆلۆژییەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیهاندا بە بەردەوامی دێتە ئاراوە، کەچی هێشتا ڕادیۆ بایەخی خۆی لە دەست نەداوە.

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەرچەندە بەم ڕاپۆرتەوە ماندوو بووم، بەڵام سوودێکی زۆرم لێ بینی !!

چونکە ناچاری کردم هەوڵ بدەم بەدوای سەرچاوە و زانیاریدابگەڕێم بۆ دەوڵەمەند کردنی ڕاپۆرتەکە.


هەروەها پێویستە سوپاسی مامۆستا وانە و سەرپەرشتیاری ڕاپۆرتەکەم مامۆستا ئارام مستەفا بکەم کە هاندەر و یارمەتیدەرم بوو لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا.



# پێناسەی رادیۆ

رادیۆ، ئامراز و ئامێرێکی راگەیاندنی بیستراوە.

ناوەکەی لە وشەی (رادیۆس)ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە مانای (نیوەتیرە) دێت، ئەمەش لەبەرئەوەی شەپۆلە کەهرۆموگناتیسییەکانی بەشێوەی بازنەیی لە ئەتمۆسفێردا بڵاودەبنەوە.



# مێژووی پەیدابوونی رادیۆ

ناتوانرێت بەدیاریکراوی کەسێك بکرێتە داهێنەری تەواوی ڕادیۆ، هەر بۆیە لەمێژودا ناوی هەموو ئەوانە بەرز دەنرخێنرێت کە هەوڵیانداوە بۆ گەشەپێدانی ئەم داهێنراوەی مرۆڤ .

لەڕاستیشدا یەکەمین کەس کە هەوڵی بەکارهێنانی شەپۆلەکانی دەنگی داوە بۆ گواستنەوەی دەنگ (گۆلیلمۆ مارکۆنی) یە کە 25ی تەمموزی ساڵی ( 1896 ) دا جفرەی مۆرسی بەکارهێنا بۆ پەیوەندی بێ تەل.

پێش ئەو و دوای ئەویش چەندین زاناو کەسانی داهێنەر هەوڵی گواستنەوەی دەنگیان داوە هەرکەسەیان و بەجۆرێك لەو بوارەدا خۆیان تاقیکردووەتەوە .

لەوانەش (جیناڵد فسندن)ە کە بەیەکەمین داهێنەری پەخشی دەنگ دادەنرێت .

دوای ئەویش ناوی چەند کەسێکی تر لەمێژودا تۆمارکراوە، لەوانەش (هانز ئورستد)ی زانای فیزیایی دانیمارکییە کە لەساڵی (1880)دا سەرەتای بیرکردنەوەی لەڕادیۆ داهێناوەو پاش ئەویش (ئەندرییە ماری ئەمپیر)ە کە لەساڵی (1819)دا هەوڵێکی دیکەی لەو بوارەدا تاقیکردووەتەوە.

لەساڵی (1831)دا زانای بەریتانیی (مایکل فارادی) دوای ئەویش (جۆزیف هنری) مامۆستاو زانا لەزانکۆی برستۆن لەئەمریکا هەوڵێکی دیکەیان لەبواری گەیاندنی دەنگ تاقیکردووەتەوە.

لەساڵی (1886) (هاینریش هیرتز) زانای فیزیاییو میکانیکی ئەڵمانی شەپۆلی کارۆموگناتیسی

لەوزەدا دۆزییەوەو هەر ئەو بو سیستمی شەپۆلی ڕادیویی(UHF)

دۆزییەوە .

بەیەکەمین کەسیش دادەنرێت کە دیزاینی بۆ ئامێری ناردن و پێشوازی یەکەمین شەپۆلە ڕادیۆییەکان داناوە .

پاشان لە 25ی تەمموزی ساڵی 1874دا (گۆلیملۆ مارکۆنی) یەکەمین شەپۆلەکانی کارۆ مۆگناتیسی بۆ داهێنانی ڕادیۆ دۆزییەوەو خودی ئەویش داهێنەری تروسکەکانی بێ تەلە.

پەخشی ڕادیۆیی مێژوییەکی کۆنی هەیەو هەر وڵاتێك لەوڵاتانی جیهان ڕۆژێکی خۆی دیاری کردووە بۆ یادکردنەوەی یەکەمین پەخشی .

# مێژووی ڕادیۆ کوردییەکان

**بەگوێرەی هەمو سەرچاوە کوردییەکان، یەکەم رادیۆی کوردی لە 19ی نۆڤێمبەری 1939 لەبەغدا کراوەتەوە.**

**ئێزگەی دووەم بەزمانی کوردی (رادیۆی ڕۆهەڵات) لە 5ی ئازاری 1941 لەبەیروت و ئێزگەی سێیەمی کوردیش لەئابی 1942 لەیافا (فەلەستین) کراوەتەوە.**

**ئەم سێ ئێزگە کوردییەی سەرەوە وەك یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) لەدەرەوەی خاکی کوردستان پەخشیان دەستپێکردووە.**

**ئەو ئێزگانە لەراستیدا ئێزگەی کوردی نەبوون ، بەڵکو ئێزگەی بیانی بوون و بەزمانی کوردی وەشانیان هەبووە.**

**بەڵام بەوتەی ئەمیر حەسەن پور رۆژنامەنوس و لێکۆڵەری شاری مەهاباد یەکەم پەخشی ڕادیۆیی کوردی لە ساڵی1923 بووە لەیەکێتی سۆڤیەت و تا ساڵی 1929ی خایاندووە.**

**ساڵی 1941یش ئینگلیزەکان بۆ دژایەتیکردنی ئەڵمانیای نازی بەشی کوردی رادیۆی یافایان کردەوەو ژمارەیەك کەسایەتی وەك گۆرانی شاعیرو ڕەفیق چالاك کاریان تیادا کردووە.**

**پەخشی ڕادیۆی کوردی تارانیش لە 25ی تشرینی دووەمی ساڵی 1946 دەستپێکرد، سەرەتا ماوەی پەخشەکەی تەنها ١٥ خولەك بووەو دواتر کاتەکەی زیاد کرا.**

**وێستگەی ڕادیۆی یەریڤان لەساڵی 1955دا، بەپێنجەم پەخشی ڕادیۆیی کوردی دادەنرێت کە ئەویش لەسەرەتادا ماوەی پەخشەکەی تەنیا 15 خولەك بووە.**

**لەسەردەمی جەمال عەبدولناسر سەرۆکی پێشوتری میسردا، ئێزگەیەکی کوردی لەساڵی 1957 لەشاری قاهیرە کرایەوە، دواترو لەپایزی 1958دا ڕادیۆی کوردی لەشاری کرماشان کرایەوەو ڕادیۆی کوردی تاران داخرا.**

**دوای دو ساڵیش لەدەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول بەژمارەیەك ئامێری سەرەتاییەوە ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەساڵی 1963دا لەناوچەی باڵەکایەتی دەستی بەپەخشی خۆی کرد.**

# گرنگی و بایەخی رادیۆ

سەرەڕای پێشکەوتنەکان لەبواری تەکنەلۆجیا و پەیدابوونی دەیان ئامرازی راگەیاندن، کە تا رادەیەک کاریگەریی خۆی لەسەر رادیۆ داناوە بەهۆی ئەوەی جاران تەنها ئەو بوونی هەبوو لە مەیدانی پەخش، بەڵام تاکو ئێستا رادیۆ ئامرازێکی گرنگی راگەیاندنە لە سەرتاسەری جیهاندا و پەراوێز نەخراوە.

ئێستگەکان و ئامێرەکانی رادیۆ، لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا گونجێندراون و سوودیان لە شۆڕشی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە.

هاوڵاتی دەتوانێ گوێبیستی سەدان ئێستگەی رادیۆیی بێت بێ ئەوەی پێویستی بە ئامێری رادیۆ هەبێ، ئەویش لە رێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی دیکەوە .

هەروەها ئامێرەکانی رادیۆ و تۆمارکردنی دەنگ بچووک کراونەتەوە بە کێشی کەمتر و بڵاوبوونەوەی خێراتر و هەرزانتر.

گرنگیی رادیۆ لەوەدایە تەنها هەستی بیستن بەکاردەهێنێت و هەستەکانی تری مرۆڤ لە کاتی گوێگرتن دەتوانن کاری دیکە ئەنجامبدەن، واتا دەتوانرێ لە کاتی گوێگرتن لە رادیۆ کار و چالاکیی دیکە بکرێت.

لە لایەکی تریشەوە بۆ نابینا و نەخوێندەوارەکان زۆر بەسوودە.

ئەمە جگە لەوەی دەتوانێ زۆر بەخێرایی هەواڵ و رووداو و ئاگادارکردنەوەکان پەخش بکات بەهۆی پێویستنەبوونی بە ئامێری زۆر.

لە هەمان کاتدا چەندین بەرنامەی جۆراوجۆریش پەخش دەکات و تاکو ئێستا چێژی خۆی هەیە.



# رۆژی جیهانیی رادیۆ

**رۆژی 13ی شوباتی هەموو ساڵێك بەڕۆژی جیهانی رادیۆ ناسراوەو لەلایەن رێکخراوی یونیسکۆ و لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە ئەو رۆژە بەرەسمی پەسەندکرا.**

**رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و زانست و کلتور (یۆنسکۆ) رۆژی 13ی شوباتی وەك رۆژی جیهانی رادیۆ دیاریی کرد، ئەو هەڵبژاردن و دەستنیشانکردەش بۆ رۆژی 13ی شوباتی 1946 دەگەڕێتەوە کە تێیدا نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم پەخشی رادیۆیی خۆی دەستپێکرد.**

**بۆ دیاریکردنی رۆژی جیهانی رادیۆ، پێشنیاری سەیر هەبووە لەوانە:**

**ئیسپانیا کە لە 30 تشرینی یەکەمی 1938 پێشنیارێکی لەو جۆرەی پێشکەش کرد، رادیۆی "بی بی سی" لەو سەردەمەدا چارەسەرێکی درامی بۆ رۆمانی (جەنگی جیهانەکان)ی نوسەری ئینگلیزی ئاتش جی وێڵزی دەکرد کە خەیاڵی داگیرکردنی زەوی لەلایەن بونەوەرانی هەسارەی مەریخی تێدا بەرجەستەکرابوو.**

**ماوەی ئەو چارەسەرە درامییە کە لەڕێی ئەو ئێستگەیەوە پەخشدەکرا، سەعاتێکی تەواوی خایەندو لەشێوازی گەشتی هەواڵەکاندا پێشکەشدەکرا.**

**ئەوەش لەو دەمەدا هەرایەکی گەورەی لەنێو ئەو بیسەراندا نایەوە کە بڕوایان وابوو ئەو ڕووداوانەی دەیبیستن، گەشتێکی راستەقینەی هەواڵەکانە.**

**لە کۆتایی گفتوگۆکانی یۆنسکۆدا سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژی جیهانی رادیۆ، بەرەسمی 13 ی شوبات وەك رۆژی جیهانی رادیۆ دیاریکرا.**

**ئامانجی یۆنسکۆ لە دیاریکردنی رۆژی جیهانی رادیۆ، زیادکردنی ئاستی هۆشیاری خەڵك و گرنگیدانی زیاترە بە رادیۆ لەنێو کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندن.**

## ئەنجام:

**دوای باسکردن لە رادیۆ بە شێوەیەکی گشتی و هەروەها باسکردن لە مێژووی پەیدابوونی رادیۆ و گرنگی و بایەخی رادیۆ، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دوای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی بواری تەکنۆلۆژیا و جیهانگیری، هێشتا رادیۆ بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و بیسەرێکی زۆری هەیە و سەرچاوەی دەستکەوتنی هەواڵ و زانیارییە و رۆڵ و کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە هەیە.**

**هێشتا رادیۆ ئەو ئامێرەیە کە بەشێکی زۆری هاووڵاتییان لە ماڵەوە و لەناو ئۆتۆمبێل و لە شوێنی کارەکانیان گوێبیستی دەبن.**



# سەرچاوەکان

کاروان ئەحمەد حەمە ساڵح، (ڕۆژی جیهانیی رادیۆ)، سایتی ئاوێنە

ڕێکخراوی میدیا، ( مێژووی رادیۆ کوردییەکان)

نەرمین عوسمان، (رادیۆ، ئەو ئامێرەی پەراوێز ناخرێت)، سایتی مەودا

سایتی وشە، ( رادیۆ لە شۆڕشەکانی کورددا)

سایتی پی یو کەی میدیا، ( 13ی شوبات، ڕۆژی جیهانیی رادیۆ)

ڕووداو نێت، (رادیۆ)

